# فۆرمی دەقی واڵا لە ئەزموونی شیعریی (شێرکۆ بێکەس)دا

**ID No. 369**

(PP 1 - 15)

https://doi.org/10.21271/zjhs.27.2.1

**هیمداد حوسێن بکر**

کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر

hemdad.bakir@su.edu.krd

**محمد قادر محمود**

قوتابی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر

mohammed.qadir@student.su.edu.krd

**وەگـــــرتن : 2022/06/20**

**پەسندکردن : 2022/08/11**

**بڵاوکردنەوە : 2023/04/17**

**پوختە**

دەقی واڵا فۆرمێکی تازەی شیعری کوردییە، هەڵگری تایبەتمەندی ژانرە ئەدەبییەکانە و ڕاگرتنی هاوسەنگی نێوان ئەم ژانرانەش لەنێو دەقەکەدا دەپارێزێت. ئاوێتەکردنی ژانرەکانە لەنێو دەقێکدا لەفۆڕمێکی شیعری نوێدا. کارکردنە بۆ دۆزینەوەو پەرەپێدانی خاڵی هاوبەشی نێوان ژانرەکان، بەو پێیەی گێڕانەوە پانتاییەکی گەورە لەدەقە شیعرییەکەدا داگیر دەکات و تەواوکەری گوزارشتە زەینییەکانە. ئاوێتەکردنی شیعرییەت و گێڕانەوە لەدەقێکی واڵادا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەبێتەهۆی دورستبوونی میتافۆرو مەجازو وێنەی هونەری و بەرهەمهێنانی فۆڕمێکی جیاوازی شیعری. شێرکۆ بێکەسی شاعیریش ڕۆڵی هەبووە لەدەرکەوتنی ئەم فۆرمە تازەیەی شیعرو مامەڵەیەکی دروست و داهێنەرانەی لەگەڵ زماندا کردووە، کە بووەتە هۆی دروستکردنی ئاوازێکی ناسک لە ناوەوەی دەقە شیعریەکەداو شیعرییەتی دەقەکەی بەرزکردۆتەوە.

**کلیلە وشەکان:** دەقی واڵا، فۆرمی شیعری، ژانرە ئەدەبییەکان، شیعرییەت، شێرکۆ بێکەس.

## پێشەکی:

ناونیشانی توێژینەوەکە بریتییە لە (فۆرمی دەقی واڵا لە ئەزموونی شیعریی شێرکۆ بێکەس)دا، لە بنیاتی توێژینەوەکەدا هەوڵدراوە زاراوە و چەمک و زمانی شیعری و لادانە زمانییەکان و ئاوازی ناوەوەی دەقی واڵا بخرێتەڕوو، بە پشت بەستن بە تێکستە واڵاکانی شاعیر. بنیادی توێژینەوەکە لە پێشەکی و پوختە و سێ تەوەر پێکهاتووە تەوەری یەکەم باس لە چەمک و زاراوەی دەقی واڵا دەکات، تەوەری دووەم زمانی دەقی واڵا خراوەتەڕوو، تەوەری سێیەمیش باس لەڕیتمی دەقی واڵا دەکات، ئینجا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختە بەزمانی عەرەبی ئینگلیزی خراونەتەڕوو.

### هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:

دەقی واڵا بە هۆی ئەوەی دەرهاویشتەی پۆستمۆدێرنەیە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی وەک فۆڕمێکی تازە لەئەدەبی کوردیدا کەمترین لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی لەمر بوارە دا بکرێت، هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکەش ئەوەیە ئەم توێژینەوە بکەینە هەوڵێک بۆ زیاتر ناساندنی دەقی واڵا و پەیبردن بە گرنگی ئەم جۆرە دەقانە لە ئەدەبی کوردیدا، هۆی هەڵبژاردنی دەقە واڵاکانی ( شێرکۆ بێکەس)یش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە شاعیرێکی هاوچەرخی بەتوانای نێو دنیای شیعرو ئەدەبی کوردییە و جیهانبینی و توانای داهێنەرانەی ئەم شاعیرە لەبواری فۆڕمە تازەکانی شیعر جیاوازە. دەنگێکی تازەو دیاریشە لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا.

### گرنگی توێژینەوەکە:

گرنگی ئەم توێژینەوە لەوەدایە، خوێندنەوەیەکی ورد و چڕوپڕ بۆ زاراوەو چەمک و ئەدگارە هونەرییەکانی دەقی واڵا دەکات وەک فۆڕمێکی تازەی شیعری. هەروەها لێهاتووی و کارامەی شاعیر دەخاتەڕوو، لەبوارەکانی کارکردنی لەزمان و ئاوازی ناوەوەی ئەم فۆڕمە تازەیە.

### سنووری توێژینەوەکە:

سنووری توێژینەوەکە دەقە واڵاکانی( شێرکۆ بێکەس) دەگرێتەخۆ، بەتایبەتی هەرسێ بەرهەمی( سرووده بەردینەکان، کورسی، کتێبی ملوانکە)، بەو پێیەی ئەم بەرهەمانە خاوەنی شیعرییەت و ئیستاتیکایەکی بێ وێنەن لەدەقەکانی دا.

**ڕێبازی توێژینەوەکە:** ڕێبازی بەکارهاتوو بۆ ئەم توێژینەوەیە، بریتییە لە ڕێبازی( وەسفی- شیکاری ).

**تەوەری یەکەم:**

**1- زاراوەی دەقی واڵا:**

ئەم زاراوەیە لە بنەڕەتدا ڕۆژئاواییە و لەلایەن فیلەسوف و ڕۆماننووس ئیتاڵی (ئەمبرتۆ ئیکۆ)لەساڵی 1962 دا بۆیەکەمجار لە کتێبەکەیدا بەناوی"الأثر المفتوح" دا ئەم زاراوەیە بەکارهاتووە) (إبراهیم 2022)، لەزمانی ئینگلیزیدا زاراوەی "open text" و لە زمانی عەرەبیدا "النص المفتوح" یا "العمل المفتوح" بۆ بەکارهاتووە،کە زاراوەیەکی ڕەخنەیی نوێیەو لە لێکۆڵینەوەکانی ڕەخنەی ئەدەبی و هونەریی نوێدا بەکاردێت.) (ئەسوەد 2011، ل345)، لە زمانی فارسیدا وشەی"متن باز"ی (بەکر 2020، ل537) بۆ بەکارهاتووەو لەزمانی کوردیشدا هەردوو زاراوەی تێکستی واڵا و دەقی کراوە و زاراوەی دەقی واڵا بۆ ئەو جۆرە دەقانە بەکارهێنراوە، کە بنیادی چەند ژانرێکی ئەدەبی جۆراوجۆر لەخۆ دەگرێت. وشەی واڵا لە فەرهەنگی هەنبانە بۆرینەدا بە واتای (ئاواڵە ، دژی داخراو یان شتی ڕەنگاو ڕەنگ و هەمەجۆر ) هاتووە. (هەژار 1384، ل905). کۆمەڵێک زاراوەی دیکە بۆ ئەم جۆرە دەقە بەکارهاتووە، بەڵام زاراوەی دەقی واڵا بە پەسندتر دادەنێین، چونکە لەڕووی واتای فەرهەنگییەوە وشەی واڵا گونجاوترە بۆ ئەو دەقانەی، کە بنیادی چەند جۆرە ژانرێکی ئەدەبی جۆراوجۆر لەخۆدەگرن، ئەمەش وایکردووە ئەم زاراوەیە لەناو ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا زیاتر بەکار بهێنرێت و تەنانەت شاعیرانی نووسەری ئەم جۆرە دەقانەش زیاتر ئەم زاراوەیان بەکارهێناوە.

**2- چەمک و پێناسەکانی دەقی واڵا:**

دەقی واڵا یەکێکە لە فۆرمە نوێیەکانی نووسین، کە لە ئەنجامی بڵاوبوونەوەی کلتووری پۆستمۆدێرنەوە دەرکەوت، لە ئەدەبی کوردیشدا یەکێکە لە فۆڕمە تازەکانی شیعری هاوچەرخی کوردی، کە لەم دەقەدا کۆمەڵە ڕووداوێکی زۆر باڵیان بەسەر دەقەکەدا کێشاوە، شاعیرانی نوێخوازییش توانای خۆیان لەم جۆرە دەقەدا تاقیکردۆتەوە، کۆتایی نەوەدەکان و سەرەتای دوو هەزارەکان کۆمەڵێک لەمجۆرە دەقانە نووسراون چ لەناوەوەی هەرێم یا تاراوگە. لەبارەی گرنگی و سەرهەڵدانی ئەم شێوەی دەق دەڵێ:( لەم ڕۆژگارەدا شیعر بەشێکی زۆر لەم سنورانەی ڕابوردووی خۆی شکاندووەو پێئەچێ کە ئیتر "دەقی کراوە" ببێتە شکڵی زاڵ و لەبەرچاوی ئەم دنیا ئەفسووناوییە) (بێکەس 2004، ل5). واتا ئیتر لەوانەیە لەمەودوا فۆڕمی شیعری دەقی واڵا ببێتە فۆڕمێکی باوو شاعیرانی کورد دەست بدەنە نووسینی ئەم جۆرە دەقە. دەقی واڵا وەک دەرهاویشتەو بنەمایەکی فۆڕمی شیعری پۆست مۆدێرنە، وەک زۆرێک لە چەمک و زاراوە ئەدەبییەکان لەلایەن نووسەران و ڕەخنەگرانەوە بیرو ڕای جیاوازی لەسەرە، کە هەر یەکێکیاندا بەپێی تێگەیشتنی بۆ ئەم دەقە پێناسەکەی دەخاتە بەردەست، کە کە لەم باسەدا دەیانخەینەڕوو:

دەقی واڵا بریتییە لە پانتاییەک بۆ ژانرە جیاوازەکان، پشت بەکۆکردنەوەی چەند ژانرێک دەبەستێت لە دەقێکدا، هەریەکە لەو ژانرانەش بەخەسڵەت و تایبەتمەندی خۆیانەوە دەمەزرێندرێنە ناو دەقەکەوە.. هەر یەکێک لەم ژانرانەش زمانی تایبەت بەخۆیان هەیە، کە هەریەکەیان تاڕادەیەک زمانی خۆی دەپارێزێ، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی زمانی شیعریی زاڵە بەسەر دەقەکەداو فەزای دەقەکە لەزمانی شیعریی جیانابێتەوە، واتا دەستبەرداری زمانی شیعریی نابێت) (بەکر، عەبدولوەهاب 2016، ل259). شێرکۆ بێکەس لەپێشەکی "کتێبی ملوانکە"دا بەم شێوەیە پێناسەی دەقی واڵا دەکات:( مەبەست لەتێکستی واڵاو کراوە، ماڵێکە نەیەک بابەت و نەیەک فۆڕمی دیاریکراوی تیا ناژی هیچ کام لەشیعرو چیرۆک و پەخشان و پەخشانەشیعرو شانۆنامە خاوەنی هەموو ماڵەکە نین، بەڵام لەهەمان کاتدا ماڵی هەمووانە) (بێکەس 2007، ل6)، واتا دەقی واڵا زۆربەی ژانرە ئەدەبییەکان و فۆڕمەکانی شیعر لەخۆیدا کۆدەکاتەوە و لەهەر شوێنێکی دەقەکەدا دەکرێت تووشی یەکێک لەمانە بیت.

ئەو دەقە شیعریانە دەگرێتەوە، کە فەزایەکی بێسنووری ڕووداو باڵی بەسەر دەقەکەدا گرتووەو ئەم دەقە کراوەیە یەکێکە لەسیما نوێکانی شیعری کوردی ... و ڕاستەوخۆ بە دیوانیکردنی شیعر و بە دیوانیکردنی مێژوو، تێکەڵکردنی ژانرەکانیش بوو بە بەشێک لەم دەقەکراوەدا، ئیدی لەم ساتەوە دەقی شیعریی پێناسەو چەمک و ستایلێکی دی وەرگرت) (ڕەئوف 2009، 192). کەواتە دەقی شیعری واڵا بەشێکی لە مێژوو و ڕۆمان و چیرۆک و پەخشان و زۆربەی ژانرەکانی دیکە لەناو دەقێکی شیعریدا کۆکردۆتەوە،کە بە دەقێکی واڵا ناودەبرێت، هەرچەندە هەندێ لەنووسەران دەڵێن لەدەقێکی واڵادا تەنیا یەک دوو لە ژانرەکانی دیکە جێگەیان دەبێتەوە، بۆیە( لەدەقی کراوەدا ناکرێت هەموو شتەکان کۆکرابێتەوە، بەڵام ئەکرێت دووان یا سیانیان بەیەکەوە لەیەک دەقی کراوەدا بەکاربهێنرێت) (محەمەد 2016) واتا لەم دەقەدا لەوانەیە چەند ژانرێکی ئەدەبی بەرچاو دەکەوێت، شێوازێکی جیاوازی هەیە کۆتاییەکی دیاریکراوی نییە، ئەنجامەکەی بۆ خوێنەر جێدەهێڵرێت تا تەواوی بکات، چونکە دەق هەموو شتێک ناڵێت( خوێنەری نموونەیی نەک هەر تەنیا ئەو توانایە پیشان دەدا لە ڕێگای ئەمەوە لەمەبەستەکانی نووسەر بگات، بەڵکو

دەتوانێ لەوەش بگات، کە تێکستەکە نایڵێ یان ڕاستەوخۆ نایگەیەنێ،کە وەک مانایەک لەپشت تێکستەکەوە شاراوەیە. تێکست وەک کێڵگەیەک وایە لەناوەوە چالاکە کەتێیدا نووسراوە "ئەوەی نووسراوە" بەهاوکاری نیشانەکان، خوێنەر دەگرێ و دەیجوڵێنێ، لێرەدا ئەم هاوکارییە بەشێکە لەو ستراتیژیە لەلایەن دانەر یان نووسەرەوە دڕێژراوە) (عومەر 2012، ل18)، واتا خوێنەری زیرەک ڕۆڵێکی گەورە لەدیاریکردنی مەبەستی شاعیر دەگێڕێت.

ئەو دەقەیە،کە خوێندنەوەی بێ کۆتایی لێ بنیاتنراوە، بۆ ئەوەی دەرهاویشتە ماناییەکانیشی بێشومار بن. (هاشم 2018)، بەو پێیە دەقی واڵا دەبێ زیاتر لە چەندان خوێندنەوە هەڵبگرێت تاوەکو واتاکانیشی زیاتر بن، چونکە ئەم دەقە دووڕەگییە لە نێوان فراوانبوونی فەرهەنگ و داهێنان و تایبەتمەندییەکانیدا، سنوور و کۆتایی واتاکان لە زۆر تێکستدا لادەبات و باری کراوەیی و فرە واتایی پێ دەبەخشێت و خوێنەری زیرەک دەهەژێنێت. بۆ ئەوەی بەدوای زانیاری و میتۆدی خوێندنەوە بگەڕێ بۆ دەستکەوتنی گەنجینەی مەعریفەی ژێرەوەو هەوڵدان بۆ لێکدانەوە. د.محمد عبدالطلب پێی وایە کە دەقی واڵا واتە (دەقی دیاریکراو و دیاریکەری داهاتوو و دیاریکەری واتایە، بەڵام دیاریکردنی واتاکە بە ئەو کۆمەڵە لێکدانەوەیە ناوەستێت کە پەیڕەوی دەکەن، بۆیە دەگوترێت دەقی واڵا) (عبدالمطلب 2009) ئەمە واتا ئەو دەقە هەم داهاتوو باس دەکات و هەم زیاتر لە واتایەک دەدات بەدەستەوە، بەڵام ئەم واتایانە زیاتر لە لێکدانەوەیەک هەڵدەگرن. بۆیە (دەقی کراوە بواری پرسیارکردنی تێدایە، خوێنەر دەتوانێت دەلالەتە شاراوەکانی بدۆزێتەوە واتە ڕاڤەکردنی جۆراوجۆری هەیەو ڕووکەشەکەی دەلالەتی قووڵی هەیە، ناوەڕۆکەکەیشی قووڵترە، واتای ئامادەو نائامادەی هەیە، دەگوترێت دەقی کراوە دەقێکی ناتەواوە، چونکە دانەرەکەی ئاماژەی بەهەموو دەلالەتەکان نەکردووە، بەڵکو بواری بۆ پرسیاری بێ وەڵام داناوە) (بەرزنجی 2020، ل42-43)، ئەمە ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە دەقی واڵا دەقێکی فرە دەلالەتەو دەڵەمەندە بە هێزێکی ئیستاتیکی زۆر و بەئاسانی خۆی بەدەستی خوێنەرەوە نادات، پێویستی بەخوێنەری لێهاتوو هەیە تا شتە شاراوەکان بدۆزێتەوە ، لەبەرئەوە شایانی خوێندنەوەی جیاوازە لەهەموو خوێندنەوەیەکیشدا واتای جیاواز دەدات بەدەستەوە، چونکە(دەق لەڕەوتی دووبارە خوێندنەوەدا واتای یەکسان نادات بەدەستەوە؛ لەهەر خوێندنەوەیەکدا واتایەکی تازە وەدەست دێنێ) (ئەحمەدی 2005، ل146) واڵایی دەقیش لەمەدا زیاتر خۆی بەرجەستەدەکات،کە لە هەر خوێندنەوەیەکدا واتاو مەبەستی جیاواز بدات بەدەستەوەو واڵا بێ بەسەر ژانرەکان و واتای زیاتر. بۆیە دەبێ( دەق لەسەر تەنیا یەک واتا کورتنەکرێتەوە و کۆشش بکرێت، بۆ ئەوەی زیاتر لە واتایەکی لێ وەربگیرێ) (عە بدوڵڵا 2021، ل93)، چونکە دەقی واڵا لەجەوهەری خۆیدا هەڵگری زیاتر لە واتایەکە بۆیە خوێندنەوەی زیاتری دەوێت بۆ پەی بردن بە واتاو مەبەستە شاراوەکانی،کە لەناو خۆیدا هەڵیگرتوون.

د.محمد عنانی لە کتێبی "المصطلحات الأدبیة الحدیثة"دا دەڵێت دەقی واڵا (دەقێکە،کە واڵایە بەڕووی هەموو ئەگەرێکدا و هەموو لێکدانەوەیەکی گونجاو قبوڵ دەکات) (عناني 2003، ل65)، کەواتە دەقی واڵا هەموو ئەو لێکدانەوانە قبوڵ دەکات کەوا گونجاون لەگەڵ واتا و ڕیتمی دەقەکەدا، بۆیە بێگومان ئەزموونی هونەری دەوڵەمەند دەکات و سێبەرەکانی داهێنان و پەرەپێدانیان بۆ دابین دەکات. واڵایی ئەم دەقە شیعرییە بەڕووی ژانرەکانی دیکەدا نیشاندەری خۆگونجاندن و کۆکردنەوەی خاسیەتەکانیانە لەناو فۆرمێکدا، بۆیە دەکرێت بگوترێت ئەم واڵاییە بۆتە تایبەتمەندییەکی شیعری هاوچەرخ. کازم حەسوونی ڕەخنەگری عەرەب دەقی واڵا (بە یەکێک لە پڕ مشتومڕترین شێوازەکانی نووسین دەبینێت، بەهۆی تێکەڵکردنی فرە ئاستی تەکنیک و شێواز و ژانرەکان لەو دەقە ئەدەبییەدا) (حسین 2020)، چونکە ئەو دەقە لەڕووی تەکنیک و ناوەڕۆکیشەوە زیاتر لە ژانرێک بەشداری تێداکردووە، کە تەکنیکەکانی گێڕانەوە بۆ بەرزترین ئاستی زمانە شیعرییە چڕەکان بەکاردێنێت.

شاعیر خزعل الماجدي،پێیوایە دەقی واڵا پشوویەکی گشتگیرە لە چەمکی شیعر یان شێوەی شیعر و ڕاگەیاندنێکی کۆتایی مێژووی شیعر و سەرەتای ستایلێکی نوێی شیعری دەقە یان ئەو دەقە شیعرییەیە، کە پێی دەڵێین دەقی واڵا، هەروەها پشت بە زیادەڕۆیی زمانەوانی دەبەستێت، بەدوای تەقاندنەوەی زمان و بارگاوی و لێکدانەوەیە، کە بەشێوەیەکی سەرەکی دەقێکی زمانەوانییە و چیرۆک و دراما و ئەوانی تر بەکاردێنێت و ئەم بەکارهێنانە لە بنچینەدا بەشێکە لە شێوازی دەقی واڵا) (الفایز 2011) لەم بۆچوونەی الماجدی ئەوە بۆ ڕوون دەبێتەوە کە دەقی واڵا، شێوازێکی تازەی شیعرەو زمانێکی تایبەتی هەیە، وە واڵابوونە بەڕووی پێکهاتە جیاوازەکاندا وەک ڕۆمان و چیرۆک و شانۆ و سینەما و مۆسیقا...هتد. شکري المبخوت ڕۆماننوسی تونسی پێیوایە، کە (دەقی واڵا بە مانای خۆی بەستراوەتەوە بە مەیلی یاخیبوون لە دژی ژانرە ئەدەبیەکانی تر، هەروەها دەقی واڵا ڕەتی دەکاتەوە، کە پابەندی ئەم فۆرم و ژانرانە بێت لە نمایشکردنی دەقی گێڕانەوەدا کەدەقەکە دەجوڵێنێتەوە) (المبخوت 2016)، کەواتە دەقی واڵا سنووری ژانرەکان دەبەزێنێت و خۆی بەربەست ناکات لە ژانرێکدا، بەڵکو تەواوی ژانرەکانی دیکەی ئەدەبی لە هەناوی خۆیدا

هەڵدەگرێت لە فۆڕمێکی تازەی شیعریدا بەناوی دەقی واڵا. بۆیە دەکرێت بگوترێت کەوا (دەقی واڵا بازدانە بەسەر هەموو جۆرە شیعرییەکانی تری وەک باڵادە و پۆستەرەشیعرو داستانەشیعر و قەسیدە و شیعری لیریک، هەموویان لەخۆیدا کۆدەکاتەوە. لەبەرئەوە ئاساییە ئەگەر بڵێین کۆتایی هێنانە بەهەموو ئەوانەو و دەسپێکی نوسینێکی تازیە) (بەکر 2020، ل544)، ئەم نووسینە تازەیەش هەموو ئەمانەو هەندێکی دیکە لەژانرەکان لەدەقێکدا کۆدەکاتەوە لەفۆڕمی شیعردا.

کراوەیی دەقی واڵا پەیوەندی بەو هێرمینۆتیکیە هەیە، کە دەقەکەی لە پەیوەندی لەگەڵ نووسەردا گۆڕیوە بۆ پەیوەندی لەگەڵ خوێنەر. ئەوەی پێویستی بە جۆرێکە لە توانای زانینی ڕێگاکانی خوێندنەوە و شێوازەکانی تێگەشتن، وا دەکات کە پرسی تێگەیشتن پەیوەندییەکی حەتمی هەبێ لەگەڵ ئاستی بەرامبەردا) (عبدالمطلب 2006، ل9)، بۆیە دەستگەیشتن بە دەرهاویشتەی واتایی لە تێکستە کراوەکاندا زۆرجار لەسەر "وەهم" دەوستێت، واتا لەدەقی واڵادا خوێنەر ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت لە واتادارکردنی دەقەکەو پێدانی واتای جیاواز جیاواز بەدەقەکە و وەک کۆمەڵێک چینی واتاداری نایاب تەماشای دەکات. ڤالێری دەڵێت:( واتایەکی ڕاستەقینە بۆ هیچ دەقێک نییە) (إیکۆ 1996، ل72) ڕەنگە هەر لەبەر ئەوەش بێت پێی بگوترێت دەقی واڵا بەو پێیەی ئەم دەقە زیاتر لە لێکدانەوەو واتایەک هەڵدەگرێت. لەم ڕووەوە ئەگەر(تۆدرۆڤ کراوەیی دەقەکەی بە گوتاری ڕەخنەیی بەستبێتەوە، ئەوا پێش ئەو ڤان باختن بەستویەتییەوە بە (ئاسۆی ئەگەرەکان) کە وەرگرەکە جێ دەکاتەوە، وە وەڵامدانەوەی هەموو ئاستەکانی ئایدیۆلۆژیا کۆمەڵایەتی و زمانەوانی، چ بە ڕەتکردنەوە یان قبوڵکردنی دەقەکە) (باختن 1986، ل33)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هەموو ئەگەرەکان کراوەن بەڕووی دەقەکەدا.

دەقی واڵا ئەگەرچی لەفۆڕمی شیعریدا دەنووسرێت، بەڵام لەڕاستیدا هیچ ژانرێکی ئەدەبی بەتەواوی بەسەریدا زاڵ نییە، چونکە ئەم جۆرە دەقە بە تەواوی ئازادە و بە یاسا و بنەماوە پەیوەست نییە، لەوانەیە لەگەڵ چیرۆکەکەدا بێت بۆ ئەوەی لە چیرۆکەکەی وەربگرێت، لەگەڵ شیعردایە بۆ ئەوەی لەفۆڕمی ئەودا خۆی بنوێنێت یان لەگەڵ ڕۆمان یا هەر ژانرێکی دیکەدا بێ بۆ ئەوەی سوودی لێوەربگرێت. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەو وزەو جووڵەی لە شیعردایە، چونکە(وزەی جوڵە ئامێزی شیعر لەوەدایە، کە دەتوانێ لەچوارچێوەی ڕیتم و مۆسیقای شیعرییەوە، نەک پەل بۆ ژانرەکانی تریش بهاوێ، بەڵکو هەموو ژانرە ئەدەبییەکانی تریش لەناو خۆیدا بەرجەستە بکات) (هەینی 2015، ل10-11)، بۆیە ئەمە وا دەکات نووسینی دەقی واڵا پێویستی بە زانین و ئەزموون هەبێت، ئەوەی دەقی واڵاش دەنووسێ دەبێ زۆر لە بارەی ئەم ژانرانەوە بزانێ. بۆیە دەقی واڵا دوورکەوتنەوەیە لە دووبارەبوونەوە و لاساییکردنەوەو ڕۆیشتنە بەرەو نووسینی فۆڕمێکی نوێ، ئەمە جگەلە کرداری پەرەسەندنی زمان و نوێبوونەوەی فۆرم، وە بەخشینی دوو جۆر چێژە خۆشی ڕۆحی و دڵخۆشی فیکرییە، چونکە نووسینە کراوە تازەکان لە ڕۆمان و لە شیعردا وەک تابلۆکان پێویستن بۆ بەخشینی چێژو خۆشی بەخوێنەر. خەڵکی هاوئاهەنگە لەگەڵ کەلتووری نوێ و پەیوەستە بەبیری هاوچەرخەوە، بۆیە پێویستمان بە شکۆی زمانە بۆ ئاشکراکردنی ڕاستییە شاراوەکانی نەک دەنگ و زیادەڕەوی کردن، شاعیر لە دەقی واڵادا دەیەوێت دەربڕین ئازاد بێت و نائاسایی بێت، جیاواز بێت لەوەی کە خوێنەر ئاڵوودەبووە پێیەوە. ئەوەی ڕەخنەگران و تیۆرداڕێژەرانی ئەدەبی لەسەری کۆکن دەربارەی دەقی واڵا ئەوەیە هەموویان جەخت دەکەنەوە لەوەی، کە دەقەکە کراوەیە بەڕووی ژانرەکانی ئەدەبدا و هەڵگری زیاتر لەیەک لێکدانەوەیە. هەروەها بە فۆڕمێکی تازەی شیعری دادەنێنن.

**3- خاسیەتی دەقی واڵا:**

دەقی واڵا فرەئاماژەیە و خۆی لە تەنیا یاسایەکدا قەتیس ناکات و کۆتایی دیاریکراوی نییە، هەروەها بەهەمان شێوەی دەقی شیعری ڕەمزگەرێتی و فرە واتایی بەرچاو دەکەوێت. ڕەمز و دەلالەتەکانی بێ کۆتاییە و خوێندنەوەی جیاوازی دەوێت. ئەمەش وا دەکات خوێنەرێکی هۆشیار دروست بکات کە بەدوای واتاو ڕەمزە جیاوازەکاندا بگەڕێت لەدەقەکەدا.) (بەکر 2020، ل545)

خاسیەتێکی دیکەی دەقی واڵا لەڕووی چێژەوە( خوێنەر دەباتە نێو فەزاکانی خەیاڵ و زەینی شیعریی و .. ئاسۆکانی لێکدانەوەو فڕین و چێژی بۆ واڵا دەکات دەیەوێت ناوبەناو لەخەیاڵێکی فڕین ئامێزەوە بیهێنێتەوە نێو واقیع و لەواقیعیشەوە جارێکی تر بۆ فڕین و خەیاڵێکی شیعرییانە) (ئەسوەد 2006، ل117)، ئەم هاتووچۆیەی خوێنەر لەنێوان خەیاڵ و واقیعدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تێکەڵاوییەی ژانرەکانی ئەدەب لەم دەقەدا بەو پێیەی شیعر زادەی خەیاڵە و ژانرەکانی دیکە واقیعیەت تێیاندا زاڵە. ئەمەش وا دەکات چێژی ئیستاتیکا لەدەقی واڵادا جیاوازە بێ، وەک لە دەقێکی دیکە کە بەتەنیا چیرۆکە یا ڕۆمان یا پەخشان هتد..

کەواتە دەقی واڵا پێکهاتەیەکی ئاوێتەییە لەژانرەکانی ڕۆمان و چیرۆک و شیعرو پەخشانە شیعر و هەموو ئەمانە، کە بەشێوەیەکە واڵایە بەسەر تەواوی ژانرەکانی دیکەی ئەدەب و هەست بەبوونی هەریەکێکیان دەکرێت لەنێو دەقەکەدا، وە زمانی

ئەم دەقە زمانێکی تاڕادەیەک تایبەتە بەو پێیەی هەر کارێکی ئەدەبی زمانی خۆی دەپارێزێت، بەڵام ئەو وزە داهێنەر و کاریگەرانەی کە لە ڕێگەی پەیوەندییە زمانەوانییە قووڵ و گشتگیرەکانیەوە هەیە توانای بەڵگەی هونەری شیعری پێ بەدەست دەهێنێت، پێکهاتەی شیعرەکە دەکاتە دەقێکی بێ وێنە لە دروشم و هێماکان. زمانەکەشی بەشێوەیەکی گشتی زمانێکی شیعرییە و شیعرییەتی تێدا زاڵەو لە فۆڕمێکی شیعریدا داڕێژراوە.

**تەوەری دووەم: زمانی شیعری دەقی واڵا:**

لەبارەی زمانی ئەم جۆرە دەقە شێرکۆ بێکەس دەڵێ:( دەبێت زمان بگۆڕم، یان بەواتایەکی تر شێوازی جیاجیا بەکاربهێنم. ئەگەرچی بەگشتی فەزای دەقەکە لەزمانی شیعر جیانابێتەوە، بەڵام لەسەرێکی ترەوە هەر ڕەگەزێکی ئەدەبی سیفەت و خاسێتی تایبەتی خۆیان ئەپارێزن هەر لەبەرئەوەیە لەکاتی خوێندنەوەی شیعرەکاندا بەبەراورد لەگەڵ پەخشان و چیرۆک و شانۆنامەدا، هەست و ڕەنگ و بۆی لەگۆڕاندایە) (بێکەس 2012، ل5). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە زمان لەو جۆرە دەقانەدا کراوەیە و جیاوازە لەزمانی هەریەک لەژانرەکانی دیکە و بەزمانێکی شیعری دەنووسرێ و شیعرییەتێکی گەورەیە. تەنانەت لەو کاتەشدا کەوا ڕۆمان یا چیرۆکی هتد.. ناو ئەم دەقە دەخوێنینەوە. بەهەموو ئەو پێکهاتانەش بنیاتی دەقەکە لۆژیکە داڕێژراوەکەی خۆی ناشێوێنێ و دەست بەرداری زمانی شیعری نابێت.

ئەگەرچی بەشێوەیەکی گشتی کەرەستەی سەرەکی دەقی ئەدەبی، دەربڕینی زمانەوانییە، جۆرەکانی لادانی زمانەوانیش، کە لادانی سیمانتیکی لێدەکەوێتەوە. بۆیە زمانی شیعری دەقی واڵاش زمانێکە لە زمانی ئاسایی و دەستووری ڕێزمانییەکانی زمانی کوردی لایداوە، بەو پێیەی شیعرییەت بوونی تێکست زیاتر ئیشکردنە لەنێو زمان و دروستکردنی زمانێکی نوێیەو شیعری هاوچەرخیش ئەو هونەرەیە کە ئەرکێک بەزمان دەبەخشێت، کە زمانی ئاسایی نەیکردووە. بۆیە لێرەوە زمانێک دێتە ئاراوە کە واتاو دەلالەتی وشەو فرێزەکانی لە دەرەوەی فەرهەنگ و زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانە دەبن. ئەمەش وایکردووە شاعیر بەمەبەستی بەرزکردنەوەی شیعرییەتی دەقەکە لادان لەئاستی مۆرفۆلۆجی و سینتاکس و پراگماتیک دا بکات، هەندێک لەلادانە زمانییەکانی دەقی واڵا لە دەقەکانی شێرکۆ بێکەس،کە لەئاستی ( وشە ، ڕستە ، واتا ) ئەنجامی داون بەم شێوەیەن :

**1- لادانی ئاستی مۆرفۆلۆجی:** وشە کەرەستەی سەرەکی شیعرە، هۆکاریشە بۆ ئیستاتیکاو کاریگەری و سەرنج ڕاکێشی شیعر بەکارهێنانی وشە لەشیعردا جیاوازە لەبەکارهێنانی ئاسایی. (بریتییە لەکۆمەڵە یەکەیەکی دەنگی، کە بە ڕێگەیەکی دیاریکراو دانراوە، بۆئەوەی ببێتە ڕەمز بۆ شتومەکە هەستپێکراو بیرە ڕووتەکان، گوزارشت لەبیرێک یا هەست دەکات، بەسیستەمێک لەدەنگ و ئاماژە کاردەکات واتایەک دەگەیەنێت (ئە حمەد 2013، ل97**).**

**أ- داهێنانی وشە تازە :** لەم جۆرەی لادان هەندێ جار شاعیر وشەی نوێ دروستدەکات بەپێی یاساکانی دروستکردنی وشە، یان بە بەزاندنی یاساکان وشەی نوێ دادەتاشێت.( ئەم لادانەش کاتێک دەبێتە لادانی ڕاستەقینە کە لەو یاسایانە لابدات کە لەزمانەکەدا هەیە بۆدروستکردنی وشەی نوێ) (فەتاح 2010، ل410)، زۆرجار وشەی داهێنانی شیعری وشەیەکە لەناو خەڵک بەکار نەهاتووە و شاعیر خۆی دایدەهێنێت.

| | |
|---|---|
| وەستاوەو نێرەبا ئەییات و ئەیهێنێ و | |
| بەچرنووک چڵ بەچڵ ئەیرنێ! | (بێکەس 2007، ل13) |

شاعیر لەم دێرە شیعرەدا وشەی(نێرەبا)ی بەکارهێناوە، کە بەپێی یاساکانی زمانی کوردی لە(ناو+ە+ناو) پێکهاتووە، ئەم وشە لەزماندا بەکار نایەت، بەڵام شاعیر دایهێناوە. فەرهەنگی زمانی شیعری خۆی پێ دەوڵەمەندکردووە و ئاستی شیعرییەتی دەقەکەی پێ بەرزکردۆتەوە.

**ب- زیندووکردنەوەی وشەی کۆن:** شاعیر لەو جۆرە لادانەدا سوود لە وشەی سەرمێکی زمانەکەی وەردەگرێت، کە لە ئێستادا بەکارنایەن، ئەو دێت لەشیعرەکانیدا بەکاریان دەهێنێت، بەمەش زیاتر دەقەکەی چێژدار دەکات، شاعیر یا نووسەر لەبەرهەمی خۆیدا سوود لە وشەی کۆنەکە ڕێزمانییەکان وەردەگرێت کەوا ئێستا لەزمانەکەدا نەماون و زۆرتر لەڕابردوودا بەکاربراون بەمەش لەجۆری زمانیی باو لادەدا.

| | |
|---|---|
| یان کەفە ژیلکەیەک لەئاوی ترساودا | |
| یان پەڕێک **باگرۆ** بیبات | (بێکەس 2007، ل8) |

لەم دەقەدا شاعیر وشەی(باگرۆ )ی بەكارهێناوە، ئەم وشەیە لەناو زمانی ئێستادا بەكارناهێنرێن یان بەكارهێنانی زۆر كەمبۆتەوە، كە پێشتر لەكۆندا ئەم وشەیە بۆ(بای تووند یا ڕەشەبا) بەكارهاتووە، بەڵام شاعیر دووبارە زیندووی كردوونەتەوە و جاریكی دیكە بەكاری بردووەتەوە بەمەش سیمایەكی جوانی داوە بەدەقەكەو شیعرییەتەكەی بەرزكردۆتەوە.

لە شوێنێكی دیكەدا دەڵێت:

| | |
|---|---|
| یەكێكیان درێژو دەم و چاو بەكانی خورماو ئەویتریان | |
| كورت و **ڕیوەڵە** | (بێكـەس 2007، ل33) |

لێرەشدا وشەی( ڕیوەڵە)ی بەكارهێناوە كە لەكۆندا بەكارهاتووە بۆ كەسێک كە كز و لاواز بووە، بەڵام ئێستا بەكارهێنانی لەزمانەكەدا نییە یان كەم بۆتەوە، كەچی شاعیر لەم دەقەدا دووبارە گیانی بەبەردا دەكاتەوە و دەیهێنێتەوە ناوەوە وشەكە نوێ و زیندوو دەكاتەوە.

**ج- لادان لەزارو زمان:** شاعیر لەهەندێک شوێندا وشە گەلێک لە زمانێكی دیكە یا لە زارێكدا، كە لەزمانی بەكارهێنانی ئەو زارەدا نین دێنێتە نێو شیعر. شاعیر هەندێكجار هەوڵدەدات سوود لەزارەكانی تر وەربگرێت و ڕۆنانەكانی ئەو زارە لە نێو شیعرەكەی خۆی بەكاربێنێت و بەمەش دەقەكەی بەرجەستە دەبێت و بەمەش دەگوترێت لادانی زاری.) (محـەمەد 2016، ل101).

| | |
|---|---|
| لەسەر باڵكۆنی ڕەفەیەک، نهۆمی سێ. | |
| لەگۆشەیكدا پەمەیی، ڕوو لەشەقامێكی گشتی | (بێكـەس 2007، ل21) |

شاعیر وشەی (باڵكۆن)ی بەكارهێناوە بەمەش سوودی لە زمانی بێگانە وەرگرتووە، ئەمەش بۆ باڵادەستی و شارەزاییی شاعیر دەگەڕێتەوە لەو زمانە بەم هۆیەشەوە لادانی كردووە لەزارو زماندا و فەرهەنگی زمانی خۆی پێ دەوڵەمەندكردوون، شیعرییەتی زیاتری بە دەقەكان بەخشیوە.

| | |
|---|---|
| بەسەر قۆڵی كراسەكەی كەپوی ئەسرێ | (بێكە س 2005، ل117) |

لەم ڕستە شیعرییەدا شێركۆ بێكەسی شاعیر وشەی(كەپوی) بەكار هێناوە، كە نامۆیە بە بەكارهێنانی زاری ڕۆژانەی ناوچەی خۆی، بەڵام ئەم وەری گرتووە بەمەبەستی دەوڵمەندكردنی فەرهەنگی زمانی شیعری خۆیی و خستنەناوەوەی بۆناو فەرهەنگی زمان.

**د- بەكارهێنانی قسەی ڕۆژانەی خەڵک:** شاعیر زۆرجار هەوڵدەدات پەیامی خۆی لەشیعرەكەدا بەجۆرێک بگەیەنێت كە ئاسان وەربگیرێت لەلایەن خوێنەرەوە، ئەمەش بەبەكارهێنانی وشەی ڕۆژانەی خەڵک بەشێوەیەكی هونەری بەرز.

| | |
|---|---|
| لەگەڵ چەندین كچە موستیلەو بازن و | |
| ژنە گوارەو پاوانەدا.. **هەڵتەک هەڵتەک** | |
| بەسواری پشتی تاریكیی | (بێكـەس 2007، ل20) |

شاعیر هەوڵیداوە بەزمانی سادەو ئاسان پەیامی شیعرەكەی بگەیەنێت و دووربكەوێتەوە لەزمانی بەرز و پڕ واتا و هونەرەكانی ڕەوانبێژی. بۆ نموونە وشەی( هەڵتەک هەڵتەک) ئەم وشەیە كە لایداوە لەوشەی پڕ واتا و هێمادار و شاعیر بەواتای فەرهەنگی ڕۆژانە بەكاریهێناوە، ئەمەش بووەتە هۆی درووسبوونی لادان لەئاستی پێكهاتەییدا و خولقاندنی شیعرییەتی دەقەكە.

**2- لادانی ئاستی ڕستەسازی:** ڕێزمان گرنگی دەدات بەیاسا و پێكهاتەی ڕستە لەزماندا. هەر لادانێک لەم یاسایانەی ڕێزمان دەبێتە هۆی دروستبوونی نەشازییەک لەناو ڕستەدا، هەر ئەو نەشازییەشە كە شیعرییەت لەزماندا دروست دەكات، پ.د. وریا عومەر ئەمین لەوبارەوە دەڵێ:(هەر زمانەی دەستەیەک یاسای تایبەتی بەخۆی هەیە ڕستەكانی لەبنجەوە دەگوێزێتەوە سیما، پێیان دەگوترێت یاساكانی گوێزانەوە، لەم گوێزانەوەیەدا شت هەیە دەقرتێنرێ...هەیە زیاد دەكرێ... هەیە ئاڵوگۆڕ دەكرێ...هەیە دەگۆڕێ..هتد) (ئەمین 2004، ل241). لەم جۆرەدا چەند جۆرێک لادان لەئاستی ڕستەسازی دەخەینەڕوو(قرتاندن و پاشخستن و پێشخستن...):

**یەكەم: قرتاندن:** لابردنی بەشێكی ڕستەیە هەندێجاریش بەشی سەرەكی ڕستە دەگرێتەوە وەک: بكەر و بەركار و كار یان ناسەرەكی دەبێ وەک: ئاوەڵناو هاوەڵكار و جێناو و ئامراز...هتد (ئامادە نەبوونی ڕەگەزێگە لەناو ڕستە، خودی ڕستەكە ئەو ڕەگەزەی پێویستەو دەیەوێت) (ئە حمەد 2013، ل120)، قرتاندن ونكردنی بەشێک لەبەشە ئاخاوتنەكانی ڕستە لەلایەن شاعیرەوە بۆ ئەوەی شیعرییەتی دەقەكە بەرزتر بكاتەوە.

**1- قرتاندنی بکەر:** لەزمانی کوردیدا بکەر بەشێکی گرنگ و سەرەکی ڕستەیە، بەڵام شاعیرانی هاوچەرخ لەدەقە شیعرەکانیاندا ئەم بەشە سەرەکییەی ڕستە لادەبەن(دەتوانن ڕستەکانیان بەبێ بکەر دەرببڕن) (مەحوی 2001، ل238)، ئەمە دەبێتە هۆی لادانی شیعری و بەرزکردنەوەی شیعرییەت دەق.

| |
|---|
| دە دەقیقە درەنگتر گەیشتینەوە ماڵەوە (بێکەس 2007، ل83) |

شاعیر بکەری سەرەکی ڕستەکەی قرتاندووە، کە وشەی( ئێمە )یە، وە جێناوی لکاوی( ین) بەکارهێناوە لەجێگەی بکەری سەرەکی، ئەمەش بەمەبەستی چڕکردنەوەی زمانی شیعری دەقە، وە هەندێجاریش بەمەبەستی ئابووریکردن لەزماندا جێناوەکان دەقرتێن یان بەمەبەستی خۆلادانە لەدووبارەکردنەوەی بکەرە لەڕستەکان، ئەم قرتاندنەش وەک لادانێک شیعرییەتی دەقەکە بەرزدەکاتەوە. کە ڕستەکە بەم شێوەیە:

| |
|---|
| **ئێمە** دە دەقیقە درەنگتر گەیشتینەوە ماڵەوە |

**2- قرتاندنی بەرکار:** بەرکار کەرەستەیەکی بنجی ڕستەیە و دەکەوێتە نێوان بکەر و کار، وە ( ئەو کەرەستەیە لەناو ڕستەدا کە لەژێر کاریگەری کردەی کاردایە) (فەرهادی 2013، ل23)، شاعیری کوردیش بەمەبەستی زیاتر شیعرییەتدان بە شیعرەکەی بەرکار لەڕستەدا لادەبات.

| |
|---|
| دەم و چاوت بەبچووکی |
| دەم و چاومەو، من ئەزانم (بێکە س 2005، ل136) |

شاعیر لەم دەقە شیعریەدا لە نیوە دێری دووەمدا بەرکاری قرتاندووە، لەکاتێکدا کاری ڕستەکە تێپەڕە و پێویستی بەبەرکار هەیە، بەڵام شاعیر لای بردووە ئەگەرچی هەست بەبوونی بەرکار دەکرێت. لەبنەڕەتدا ڕستەکە بەم شێوەیە بووە.

| |
|---|
| دەم و چاوت بەبچووکی |
| دەم و چاومەو، من( **ئەو شتە، شتەکە، ڕاستییەکە** ) ئەزانم |

لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێ:

| |
|---|
| وام ئەبینی: لووتی گوڵێ (بێکەس 2007، ل62) |

شاعیر لەڕستەی یەکەمدا بەرکاری ڕستەکەی لاداوە و لە ڕستەکە دایبڕیوە، ئەگەرچی کارەکە خۆی پێویستی بە بەرکار هەیە بۆ تەواوبوونی واتاکەی، بەڵام ئەم لایداوە لەڕستەکەدا، کە ڕستەکە بەم شێوەیە بووە.

| |
|---|
| من وا (**ئەوشتە، لووتی گوڵێ** )م ئەبینی: لووتی گوڵێ |

**3- قرتاندنی کار:** کار کەرەستەیەکی سەرەکی ڕستەیە شاعیر بەمەبەستی سەرنج ڕاکێشانی خوێنەر ئەمجۆرە کرتاندنە ئەنجام دەدات، (کرتاندنی کاریش لەلایەن شاعیرەوە، بۆ گەلێک مەبەستە وەک کورتبڕی و دوورکەوتنەوە لەدووبارەکردنەوە، هەروەها بۆ جەختکردنەوەو بەهێزکردنی واتاکەی) (گەردی، باشووری 2021، ل220)، زۆرجار لەو ڕستانەی کەلێکدراون، هەمان کرداریان هەیە، دەوتوانرێت کرداری ڕستەی دووەم بقرتێنرێت، شاعیر زیاتر بەمەبەستی ئیکۆنۆمیکردن ئەم کارە دەکات.

| |
|---|
| تیاتاندایە جەستەی شاخ و جەستەی |
| دەشت و، جەستەی باخچەو |
| جەستەی هەتاوو بارانی |
| فرۆشتووەو |
| بێدەربەستیش لەسەر کورسی |
| شەرافەتی ئەم وڵاتەیش |
| دانیشتووە!. (بێکەس 2007، ل116) |

شاعیر لەم شیعرەدا لەڕستەی یەکەم و دووەم و سێیەمدا کاری ڕستەکانی قرتاندووە، بەڵام لەجێگەی کاری ڕستەکان بەیارمەتی ئامرازی لێکدەری(و) ڕستەکانی بە کاری ڕستەی کۆتایی بەستۆتەوە ئەمەش بەمەبەستی خۆ لادان لەدووبارەکردنەوەی کار و ئابووریکردنە لەزماندا ئەمەش بووەتە هۆی لادان لەئاستی پێکهاتەی ڕستەدا. کە ڕستەکان بەم شێوەیە بوون:

| |
|---|
| تیاتاندایە جەستەی شاخی **فرۆشتووە**. جەستەی |
| دەشتی **فرۆشتووە**، جەستەی باخچەی **فرۆشتووە.** |
| جەستەی هەتاوو بارانی |
| فرۆشتووەو |
| بێدەربەستیش لەسەر کورسی |
| شەرافەتی ئەم وڵاتەیش |
| دانیشتووە!. |

**4- قرتاندنی ئامڕازەکان:** لابردنی بەشە ناسەرەکییەکانی ڕستە، ئاڕاستەیەکی گشتی لەلای شاعیرە نوێخوازەکاندا پێک دەهێنێت و پتر لەبواری لابردنی ئامڕازەکانی پێوەندی و خستنەسەر و ڕاناو و کرادارە دووبارەکراوەکاندا، بەڵام بەبێ زیان گەیاندن بەواتای ڕستەکە) (بەکر 2004، ل45)، ئامڕازەکان کەرەستەی سەرەکی ڕستە نین، بۆیە شاعیر دەتوانێت بۆ بەرزکردنەوەی شیعرییەتی دەقە شیعرییەکەی بیان قرتێنێ.

| |
|---|
| تەیرێک هات سیحراوی و گەردن شین. زۆر |
| بێدەنگ. ئەسپایی. لەسەرم نیشتەوە دوو نامەی |
| لەگەڵ خۆی هێنابوو. نامەکان لەڕەنگی تەنیایی و |
| غەریبی و لەڕەنگی گەڕەکی کانی ئاسکان (بێکە س 2005، ل74) |

شاعیر لەم شیعرەدا لەڕستەی دووەمدا ئامڕازی پەیوەندی( بە) و لەڕستەی سێیەمدا ئامرازی پەیوەندی(لە) ڕستەکانی قرتاندووە، ئەمەش بووەتە هۆی لادان لەئاستی پێکهاتەی ڕستەدا، ئەمەش بەمەبەستی خولقاندنی شیعرییەتی دەقەکە. کە ڕستەکە بەم شێوەیە بووە.

| |
|---|
| تەیرێک هات سیحراوی و گەردن شین. زۆر |
| بێدەنگ **بـــە** ئەسپایی. لەسەرم نیشتەوە دوو نامەی |
| لەگەڵ خۆی هێنابوو. نامەکان لەڕەنگی تەنیایی و |
| **لـــــە** غەریبی و لەڕەنگی گەڕەکی ئیسکان |

**دووەم: پاش و پێش خستن:** کەرەستەکانی ڕستە لەهەر زمانێکدا شوێنی تایبەت بەخۆیان هەیە، بەپێی یاساکانی ڕستەسازی ڕێکدەخرێن،(پاش و پێش کەوتنی زنجیرەی سینتاکسی بەپێی دەستووری ئاسایی ئەو زمانە، بۆنموونە سیستمی سینتاکسیـ ڕستەی کوردی بەم شێوەیە (بکەر+بەرکار+ کار)) (حسێن 2008، ل297) پاش و پێشخستنی ئەم کەرەستانە دەبێتە لادانی سینتاکسی.

**1- پاش و پێشخستنی بکەر و کار:** بکەر لەناو ڕستە لەزمانی کوردی بەپێی یاسا ڕستەسازییەکانی زمانەکەمان دەکەوێتە پێش کردار، بەڵام شاعیر لەپێناوی بەرزکردنەوەی شیعرییەتی دەقە شیعرییەکەی جێگەی کەرەستەکان دەگۆڕێ.

| |
|---|
| (شۆڕ ئەبوومەوە بۆ بندین (بێکەس 2007، ل38) |

شاعیر لێرەدا بکەرو کاری پاش و پێشکردووە ئەویش بەلابردنی بکەری سەرەکی، چونکە لەزمانی کوردیدا بکەر لەپێش کارە، بەڵام شاعیر هاتووە لادانی کردووە لەم یاسا ڕێزمانییەو کاری (شۆڕبوونەوە)ی لەڕستەکەدا خستۆتە پێش بکەر(م ) کە لەدوای کاری ڕستەکەدا هاتووە، ئەمەش شیعرییەت بوونی دەقەکەی بەرزتر کردۆتەوە. ڕستەکە بەپێی یاسا بەم شێوەیە:

| |
|---|
| **مــن** شۆڕ ئەبوومەوە بۆ بندین |

**2- پاش و پێشخستنی ناو و هاوەڵناو:** هاوەڵناو لەزمانی کوردیدا پاش ناو دێت، سەرەتا ناو ئینجا هاوەڵناو دێت، بەڵام شاعیر بۆ سەرنج ڕاکێشانی خوێنەرو ڕازاندنەوەی شیعرەکەی جێگەی ئەم دووانە ئاڵوگۆڕ دەکات.

| |
|---|
| هێشتا ئەوەڵی کۆچم بوو. من خۆم بەخشیبوو بە بەفرو |
| بەردستان و ڕەشەباکان. (بێکە س 2005، ل24) |

شاعیر لەم شیعرەدا وشەی (ڕەشەبا) کە لەڕووی پێکهاتنەوە لەناو و هاوەڵناو پێک هاتووە، بەڵام ئەم هاتووە ئەم ڕۆنانەی تێکداوەو پاش و پێشی کردوون، کە لەبنەڕەتدا دەبوو بەم شێوەیە بووایە( ناو+ئادانەپاڵ+ هاوەڵناو ) (با+ی +ڕەش)، ئەمەش بۆ پاراستنی شیعرییەتی دەقە شیعرییەکانە. کە ڕستەکە بەم شێوەیە بووە.

| |
|---|
| هێشتا ئەوەڵی کۆچم بوو. من خۆم بەخشیبوو بە بەفرو |
| بەردستان و **بایە ڕەشەکان**. |

**3- پاش و پێشخستنی بەرکار و کار:** بەپێی دەستوورەکانی زمانی کوردی بێ بەرکار دەکەوێتە پێش کار، بەڵام شاعیر وەک لادانێک پاش و پێش بەجێگەی بەرکارو کار دەکات.

| |
|---|
| عەسرێکیان، خانمی نازدار، دەنک دەنک دەسەسڕی |
| پیا هێنام و لەبەر ئاوێنەی دیواردا کردمیە ملی. (بێکەس 2007، ل62) |

شاعیر لەم شیعرەدا بەرکاری ڕستەکە کە جێناوی لکاوی (م )ی خستۆتە دوای کرداری (کرد)، بەمەش لادانی لەڕۆنانی باو کردووە کەوا لەزمانی کوردیدا بەرکار لەپێش کاردێت. بەڵام ئەم هاتووە ئەم ڕۆنانەی تێکداوەو پاش و پێشی کردوون، ئەمەش بۆ پاراستنی شیعرییەتی دەقە شیعریەکانە. کە ڕستەکە بەم شێوەیە بووە.

| |
|---|
| عەسرێکیان، خانمی نازدار، دەنک دەنک دەسەسڕی |
| پیا هێنام و لەبەر ئاوێنەی دیواردا ئەو **مـــــن**ی کردە ملی. |

لـــە شوێنێکی دیکەدا دەڵێ:

| |
|---|
| کە گرتیانی، لەبەر بارِژنی ئازاد (بێکەس 2007، ل159) |

لەنیوە دێری یەکەمدا شاعیر بەرکاری ڕستەکەی خستۆتە دوای کاری ڕستەکە، کە لەبنەڕەتدا دەبێت لەپێش کارەکەوە بێت بەم شێوەیە:

| |
|---|
| ئەوان کە **تــــۆ**یان گرت. |

**سێیەم: بەلوتکەکردن**

**1- بە لوتکە کردن بە پێشخستن:** شاعیر هەندێجار بەپێچەوانەوە بە لوتکەکردنی کەرەستەکان ئەنجام دەدات، ئەگەر کەرەستەکە پاش خرا ئەوە دیار و زەقە، بەڵام ڕێژەی کەمترە لەپێشخستن.

**أ- پێشخستنی کردار:** پێشخستنی کردار یەکێکی دیکەیە لە لادانە زمانییەکان، کە شاعیر بەمەبستی بەرزکردنەوەی شیعرییەتی دەقەکەی ئەنجامی دەدات.

| |
|---|
| مادام لە زەریاوە هاتووی.. وەرە گوڵێ (بێکەس 2007، ل28) |

شاعیر کرداری ڕستەکە کە وشەی( وەرە)یە هێناوەتە پێش بکەرەکەی کە(گوڵێ)یە واتە هەستاوە بەلوتکەی کردووە، ئەمەش بۆ زیاتر سەرنج ڕاکێشانی خوێنەر و جەختکردنەوە لەسەر کرداری ڕستەکە ، هەر ئەمەش شیعرییەتی دەقەکەی بەرزترکردۆتەوە. لەبچینەدا ڕستەکە بەمشێوەیە بووە.

| |
|---|
| مادام لە زەریاوە هاتووی.. **گوڵـــێ وەرە** |

**ب- پێشخستنی بەرکار:**ڕێزبوونی کەرەستەکانی ڕستە لەزمانی کوردیدا بەپێی یاساکانی زمانەکە بەرکار دەکەوێتە دوای بکەر، بەڵام هەندێجار شاعیران بەمەبەستی دەرخستن و بەلوتکە کردنی بەرکار دەیهێننە پێش بکەر.

| |
|---|
| ژنە |
| عەبا و ژنە پەچەو ژنە چارشێوم ئەبینی (بێکەس 2007، ل64) |

لەم دێرە شیعرەدا شاعیر بەرکاری ڕستەکە، کە(ژنەعەبا و ژنە پەچەو ژنە چارشێو) ە خستۆتە پێش بکەری ڕستەکە کە جێناوی لکاوی کەسی یەکەم(م)ـە، ئەمەش بەمەبەستی بەلوتکەکردن و جەختکردنەوەیە لەسەر بەرکارەکە.

**ج- پێشخستنی هاوەڵکار:** بەپێی دەستوورەکانی ڕێزمانی کوردی هاوەڵکار دەکەوێتە دوای بکەر، بەڵام شاعیر دێت هاوەڵکار پێش دەخات و دەیخاتە سەرەتای ڕستە و پێش بکەر ئەمەش بەمەبەستی بەلوتکەکردنی.

| |
|---|
| لەشەوی سەری ساڵی تازەدا |
| گوڵە مێلاقە گەشبۆوەو نیوە سەرخۆش و |
| نیوە ڕوت، کەوتە سەما. (بێکەس 2007، ل42) |

شاعیر هاوەڵکاری کاتی( لەشەوی سەری ساڵی تازەدا) ی هێناوەتە سەرەتای ڕستەکە بەمەبەستی جەختکردنەوە لە کاتی ڕووانی کارەکە و بەلوتکە کردنی هاوەڵکارەکە. کە بەپێی یاساکانی زمانی کوردی بەم شێوەیە:

| |
|---|
| گوڵە مێلاقە گەشبۆوەو نیوە سەرخۆش و |
| نیوە ڕوت، **لەشەوی سەری ساڵی تازەدا** کەوتە سەما. |

**2- پاشخستن:** شاعیرانی بەمەبەست و بۆ زیادکردنی شیعرییەتی دەقەکە کەرەستەکان دەبەنە دواوە و ئاڵوگۆڕ بەشوێنی کەرەستەکانی ڕستە دەکەن.

**أ- پاشخستنی بکەر:** بەپێی یاساکانی زمانی کوردی بکەری ڕستە لەسەرتاوە دێت، بەڵام شاعیرانی بەمەبەست و بۆ زیاتر شیعرییەت دان بەدەقەکەبکەر دەبەنە کۆتایی ڕستەکە.

| | |
|---|---|
| لەدەنگا عەقڵی نوقسانە کزەبا | (بێکەس 2007، ل84) |

شاعیر لەم دێرەدا بەمەبەستی زیاتر خولقاندنی شیعرییەتی دەقەکە و سەرنج ڕاکێشانی خوێنەر نیهادی ڕستەکە کە وشەی(کزەبا)ـە هاتووە خستۆیەتە کۆتایی ڕستەکەوە ئەمەش بۆ بەلوتکەکردنی نیهادە بە پاشخستنی. کە ڕستەکە بەم شێوەیە بووە.

| |
|---|
| **کـــزەبـــا** لەدەنگا عەقڵی نوقسانە. |

**ب- پاشخستنی بەرکار:** بەپێی یاساکانی زمانی کوردی بەرکار لە پێش کارەوە دێت، بەڵام شاعیرانی بەمەبەست و بۆ زیاتر شیعرییەت دان بەدەقەکە بەرکار دەبەنە دوای کاری ڕستەکە.

| | |
|---|---|
| دایکەندم و ئەمجارەیان چووە بەر مێزی | |
| گوڵە مێلاقە | (بێکەس 2007، ل47) |

شاعیر لەم دێرەدا بەمەبەستی جەختکردنەوە و زیاتر خولقاندنی شیعرییەتی دەقەکە و سەرنج ڕاکێشانی خوێنەر بەرکاری ڕستەکە کە جێناوی لکاوی (م) خستۆتە دوای کاری ڕستەکەوە، ئەمەش لادانێکی ترە بەهۆی پاشخستنەوە ئەنجامی داوە، چونکە بەپێی یاساکانی ڕێزمانی کوردی بەرکار لەپێش کارەوە دێت. کە ڕستەکە بەم شێوەیەیە:

| |
|---|
| ئەو **مـــــــن**ی داکەند و ئەمجارەیان چووە بەر مێزی |
| گوڵە مێلاقە |

**ج- پاشخستنی هاوەڵکار:** بەپێی یاساکانی زمانی کوردی هاوەڵکار لە پێش کارەوە دێت، بەڵام شاعیرانی بەمەبەست و بۆ زیاتر شیعرییەت دان بەدەقەکە هاوەڵکار دەبەنە دوای کاری ڕستەکە.

| | |
|---|---|
| خۆ کەس نەیبینین؟!. وتم: نا سێ شەموان کێ ڕێی | |
| ئەکەوێتە ئێرە! | (بێکەس 2007، ل171) |

شاعیر بەمەبەستی جەختکردنەوە لەسەر هاوەڵکاری شوێنی ( ئێرە ) شوێنی هاوەڵکارەکەی گۆڕیووە و پاش کرداری ڕستەکەی خستووە ئەمەش بۆ قوڵکردنەوەی شیعرییەتی دەقەکەیە.

**4- لادانی واتایی :** جۆرێکی دیکەی لادانە گرنگییەکی تایبەتی لەبەرجەستەکردنی شیعرییەتی شیعردا هەیە، ئەم لادانە لەڕووی ڕێزمانییەوە ڕاستە، بەڵام لەڕووی واتاوە لادانی تێدایە و لەگەڵ لۆژیک ناگونجێ.

| | |
|---|---|
| درەنگە و پەلەمە و درەنگە | |
| من بدوێم | |
| هەر وەکوو دووانی ئەو هەورە سکپڕەی | |
| لەنێوان برووسکەو باریندا | |
| وەستاوەو ژان بەژان | |
| ژێی تەم و تەنیایی مێینەی ئەژەنێ! | (بێکەس 2007، ل12) |

شاعیر لەم شیعرەدا وشەی( سکپڕ)ی بۆ هەور بەکارهێناوە، بەمەش لادانی لەڕووی واتایی کردووە، چونکە لەفەرهەنگی زماندا وشەی( سکپڕ) بۆ ژن بەکاردێت. ئەگەرچی لەڕووی ڕێزمانییەوە ڕستەکە تەواوە، بەڵام وشەی( سکپڕ) کە دەیداتە پاڵ هەور کە لەڕووی واتاو لۆژیکەوە ئەمە هی مرۆڤە و گونجاو نییە بۆ هەور، بەم لادانە واتاییەش شیعرییەتێکی زۆر بەرزی داوە بە شیعرەکەی بەجۆرێک شیعرەکەی سەرنج ڕاکێشتر کردووە.

**تەوەری سێیەم: ڕیتمی دەقی واڵا:**

ڕەگەزێکی گرنگی شیعرە لەبنیاتی دەقدا وەک ئاستە سەرەکییەکانی دەق سەیردەکرێت، چونکە ڕۆڵ دەبینێت لەتایبەتمەندی دەقەکەداو بەهاو چەشەیەکی تایبەتی پێدەبەخشێت. ئەمەش وایکردووە دەقی شیعری هاوچەرخی کوردی هەڵگری فۆڕمێکی نوێ بێت لەمۆسیقای شیعریدا، ئەم فۆڕمەش بە ڕیتمی ناوەوەی شیعریی ناسراوە، کە لەگەڵ مۆسیقای دەرەوەی شیعری ئاوازێکی خۆش بەشیعر دەبەخشن. ئاوازی ناوەوە ڕیتمی وشەکان لەخۆ دەگرێت، بەپێی بنیادی بڕگەکان و جوڵە دەنگییە ناوخۆییەکان لەگەڵ بوونی ئەو مۆسیقایەی، کە دیاردە دەنگییەکان دەریدەخەن. دەقی واڵا وەک هەر دەقێکی شیعری خاوەنی ڕیتمی خۆیەتی، چونکە دەقی واڵاش وەک فۆڕمێکی نوێی شیعری بەدەرنییە لە ڕیتمی ناوەوەی شیعری بۆیە لێرەدا ئەم ڕیتمە دەخرێتە پێش چاو .

**یەکەم: دووبارەکردنەوە:** دووبارەکردنەوە یەکێک لەڕەگەزە گرنگەکانی ڕیتمی ناوەوەی دەقی شیعرییە کە شاعیر بەکاری دەهێنێت، بەوپێیەی شیعری هاوچەرخی کوردی پشت بەڕیتمی ناوەوە دەبەستێت . یەکێک لەڕەهەندە گرنگەکانی بونیادی ڕیتمی ناوەوەی دەقی شیعریش دووبارەکردنەوەیە. ئەم دووبارەکردنەوەش دەنگ یا وشە یا دەستەواژە یا ڕستەکانن، کە ئاوازێکی خۆش و جوان دەبەخشێتە بەدەقە شیعرییەکەو سەرنج ڕاکێشی دەکات و جووڵەیەکی دەروونی لەدڵی خوێنەردا دروست دەکات.

**أ- دووبارەکردنەوەی فۆنیم(دەنگ):** دووبارەکردنەوە لە بچوکترین یەکەی زمانەوە دەست پێدەکات کە دەنگە، دەنگەکانیش لەناو دەقی شیعریدا ڕۆڵی خۆیان دەگێڕن لە ئاوازدارکردنی وشە شیعرییەکان.هەندێک جار لە(هۆنراوەیەکدا دەنگێک یان چەند دەنگێک لەئەنجامی دووبارەبوونەوەیاندا بەشێوەیەکی بەرفراوان زاڵ دەبن بەسەر مۆسیقای شیعرەکەدا) (حەسەن، بەکر 2022، ل8) هەروەها دەنگەکان ئەو کەرسەیەن کە لەلایەن شاعیرەوە بەکاردێن بۆ بەخشینی ئیستاتیکا بە دەقە شیعرییەکەی.

1- **دووبارەکردنەوەی تاک فۆنیم:**

| |
|---|
| دوێنێ پێموت: دایە بەنیازم |
| سەرێکبەم لە "گەڵاڵە" ئیشێ، کارێ سابوونێ |
| شانەیەک، جامێ، کیسێ خەنە؟ هەندێ نوقڵ |
| بۆ ئەم جەژنە؟. بەڵام سەد ئاخ، چاوی لەسەر |
| ئاو هەڵنەبڕی و هەر ئەگریاو هیچی نەوت! (بێکە س 2005، ل89) |

شاعیر لەم چەند دێرەی دەقی (سرووده بەردینەکان) دووبارەکردنەوەی دەنگی ئەنجامداوە، کە ئاوازێکی ناسک و جوانی بەشیعرەکە بەخشیوە، ئەم دووبارەکردنەوەیەش خۆی لەدووبارەکردنەوەی دەنگەکانی( ێ ، ڵ ، ە ، ی)دا دەبینێتەوە. بەکارهێنان و دووبارەکردنەوەی ئەم فۆنیمانەش ڕیتمی دەقەکەیان خۆش کردووە، کە بەشێوە بەکارهاتوون:

| دەنگی (ێ) | دەنگی (ڵ) | دەنگی بزوێنی (ە) | دەنگی(ی) |
|---|---|---|---|
| 10 جار | 5 جار | 17 جار | 7 جار |

**2- دووبارەکردنەوەی جووت فۆنیم:**

**أ-** دووبارەکردنەوەی جووت هاو فۆنیمی یەکگرتوو: چوونیەک: (أ + ب / أ + ب)،

پێچەوانە: (أ +ب / ب+ أ )

چوونیەک:

| |
|---|
| لەبەر دەرگای بێدەنگیدا (بێکەس 2007، ل140) |
| ( ە + ر / ە + ر ) |

پێچەوانە:

| |
|---|
| بەپەروانەی دەوری ئەگرێ (بێکەس ، کورسی 2005، ل132) |
| ( ر+ و / و+ ر) |

**ب-** جووت هاوفۆنیمی دابڕاو: لەم شێوەیەدا، دوو فۆنیمی هاودەنگ لەدوو بڕگەی دابڕاودا، چوونیەک: (أ- ب / أ- ب) یان پێچەوانە: (أ - ب / ب - أ ) دووبارە دەبنەوە:

چوونیەک:

| |
|---|
| "بێکەس" تۆ کرێوەی جەستەیەکی بەژەنگ و ژاری ئازاری (بێکەس ، کورسی 2005، ل110) |

| |
|---|
| ( ا - ی / ا - ی ) |

پێچەوانە:

| | |
|---|---|
| شەوێکیان لەنێوان کەروێشکەی خەوەوە. | (بێکە س 2005، ل36) |
| ( ش- و / و - ش ) | |

**ج- دووبارەکردنەوەی هێشوە دەنگ:**

**1- دووبارەکردنەوەی هێشوە دەنگی سێ فۆنیمی:**

| | |
|---|---|
| بەخەی ئەمر ئێرە نەریتەی | |
| ئێرە بگرێ | (بێکـەس 2007، ل142) |

دووبارەبوونەوەی هێشوی سێ فۆنیمی (ێ، ر، ە) لەهەردوو وشەی (ئێرە، ئێرە)دا.

**2- دووبارەکردنەوەی هێشوە دەنگی چوار فۆنیمی:**

| | |
|---|---|
| گەڵارێزانێ لە شیعر و یان خەزانێ لە پەپوولە | (بێکەس ، کورسی 2005، ل119) |

شاعیر هێشوە فۆنیمی( ز ، ا، ن، ێ ) لە هەردوو وشەی ( گەڵارێزانێ، خەزانێ)دا دووبارەکردۆتەوە بەمەش جۆرە ڕیتمێکی ناسکی بەدێرەکە بەخشیوە.

**2- دووبارەکردنەوەی وشە :** دووبارەکردنەوەی وشە تەنیا ئاواز نابەخشێت، بەڵکو بەرزبوونەوەیەکی هەڵچوونی و زنجیرەیی بە دەقەکە دەبەخشێت، بۆیە شاعیر وشەیەک دووبارە دەکاتەوە بەمەبەستی دڵنیایی زیاتر لەسەر وشەکەو پێدانی جوانی پێی یان هەندێ جار پەیوەندی بەباری دەروونی شاعیرەوە هەیە. دووبارەکردنەوەی وشە لە ڕستە شیعرییەکاندا چ لەئاستی ئاسۆیی یا ستوونی بێت بۆ جەختکردنەوەیە لە ڕیتمی ناوەوەی دەقەکە، بۆیە دەبێت دووبارەکردنەوەی وشەکە بەهەمان واتا و فۆڕم بێت.

**أ- دووبارەکردنەوەی وشە بەشێوەی ئاسۆیی:**

| | |
|---|---|
| شڕۆڵ شڕۆڵ ئەڵێی دارسێوی ڕووتەڵەن. | |
| (...)برسیی برسیی ئەڵێی ڕیشۆڵەی بێدانن. | |
| (...)تەزیو تەزیو ئەڵێی مامزی کەسیرەن. | (بێکە س 2005، ل107) |

دووبارەکردنەوەی وشە لەلایەن شاعیران لە دەقە شیعرییەکاندا ڕیتمی ناوەوەی شیعرەکانی پڕ ئاوازدار کراوە، بۆیە وشەکانی( شڕۆڵ شڕۆڵ ، برسیی برسیی ، تەزیو تەزیو ) لەم چەند ڕستەیەدا دووبارەکراونەوەو ئاوازی ناوەوەی دەقەکەیان ناسک و سەرنج ڕاکێش کردووە.

**ب- دووبارەکردنەوەی وشە بەشێوەی ستوونی:**

| | |
|---|---|
| هەرچی ڕەنگێکم ئەبینی | |
| هەرچی دەنگێکم ئەبینی | |
| هەرچی چاوێک.. هەرچی گوێیەک | |
| هەموو پیاو بوون | (بێکـەس 2007، ل39) |

شاعیر بەمەبەستی جوانکردن و ڕیتمی شیعرەکە وشەی( هەرچی) چەند جارێک بەشێوەی ستوونی دووبارەکردووەتەوە، بەمەش ڕیتمێکی ناسکی داوە بەشیعرەکەی.

4- **دووبارەکردنەوەی گرێ و ڕستە:** گرێ و ڕستە ڕەگەزێکی کارای و چالاکن لە پێکهاتەی دەقی شیعریدا، بۆیە ناتوانرێت لەدەق جیابکرێنەوە، دیاردەی دووبارەکردنەوەی گرێ یا ڕستەو نیوەدێر لەنێو شیعری هاوچەرخی کوردیدا زۆرجار بەرچاو دەکەون. بەمەبەستی دروستکردنی ئاوازی ناوەوەی شیعر و بەخشینی جۆرە جوڵەیەک بەدەقەکە، بۆیە شاعیرانی کورد ئەم جۆرە دووبارەکردنەوەیان ئەنجامداوە.

**أ- دووبارەکردنەوەی گرێ:**

| |
|---|
| بەسواری پشتی تاریکیی |
| بەسواری پشتی ڕووناکیی |
| بەسواری گڤەو حوشتر و |
| بەسواری تەم و ماشێن و |
| بەسواری وشەی عارەبی (بێکەس 2007، ل20) |

دووبارەکردنەوەی گرێ یەکێکە لە جۆرەکانی دووبارەکردنەوەی، کە شاعیران بۆ بەهێزکردن و جوانکردنی ئاوازی ناوەوەی دەقەکانیان پەنایان بۆ بردووە، شێرکۆ بێکەسی شاعیریش لەم دەقەدا گرێی ( بەسواری )ی چەند جارێک دووبارەکردۆتەوە.

**ب- دووبارەکردنەوەی ڕستە:**

| |
|---|
| تاشە بەردە ڕیش سپیەکە. |
| (...) تاشە بەردە ڕیش سپیەکە |
| (...) تاشە بەردە ڕیش سپیەکە (بێکە س 2005، ل97 و 99) |

دووبارەکردنەوەی ڕستەی شیعری (تاشە بەردە ڕیش سپیەکە) لەم دەقە شیعرییەدا لەچەند شوێنێک ئاوازی ناوەوەی دەقەکەی بەهێزکردووە، بۆیە شلعیریش چەند جارێک لەهندێ شوێن ڕستە شیعرییەکان دووبارەدەکاتەوە.

**دووەم: هاودژی (دژییەک) :** بریتییە لە هێنانی دوو وشەی هاودژی یەک لەواتادا، یان پێچەوانەی یەکتری بن، دژیەکەکان ئەگەر بەشێوازێکی هونەری لەنێو دەقە شیعرییەکاندا بەرجەستە بن، ئەوا دەبنە هۆکاری بەخشینی ڕیتمێکی جوان و ئستاتیکایەکی بەهێز بەدەقە شیعرییەکە. ڕیتم لەدەقی شیعریدا پەیوەندی بەباری دەروونی شاعیرەوە هەیە، بەمەش دەبێتە بەرجەستەکاری بنیاتی سیمانتیکی ئەو دەقە، وەک دکتۆر محەمەد بکر دەڵێ:( یەکێک لەسیماکانی شیعرایەتی لەدەقی شیعریدا، یەکێتیی دیالێکتیکییە لەنێوان بنیاتی سیمانتیکی و بنیاتی ڕیتمیی ئەو دەقەدا، چونکە هەڵبژاردنی ڕیتمێکی دیاریکراو لەلایەنی شاعیرەوە کارێکی هەڕەمەکی نییە، بەڵکو پرۆسەیەکی ئاڵۆزە لەئاوێتەبوونی باری دەروونیی شاعیر و ڕیتمی شیعرەکەی کە ئەو بارە دەرونییە ڕاستەخۆ یان ناڕاستەخۆ بەرجەستە دەکات) (بکر 2005) بەو پێیەی ڕیتمی ناوەوەی شیعر پەیوەندی بەلایەنی دەروونی نووسەری دەقەکەوە هەیە زۆرجار دووبارکردنەوەی دیاردەیەک یان دوو دیاردەی دژ بەیەک دەچێتە نێو چوارچێوەی ڕیتمەوە.

**أ- هاودژی فەرهەنگی:** بریتییە لەو هاودژیەی کە وشەکان لەبنەڕەتدا پێچەوانەی یەکتری بن. بەدەربڕینێکی دیکە لەڕووی ڕەگەزەوە پەیوەندییان بەیەکەوە نەبێ، واتا بێ ئەوەی مرۆڤ دەستی لەدروستکردنی ئەم وشانە دا هەبێت بەپێی یاساکانی زمانەکەی وەک:( شیرین و تاڵ، ژیان و مردن، نزیک و دوور ، کورت و درێژ، تاریک و ڕووناک... هتد).

| |
|---|
| لەڕووناکیدا هەر تەنیاو |
| لەتاریکیشدا دوو تەنیام لەیەک لەشدا!. (بێکەس 2007، ل37) |

شاعیر بەهێنانی دوو هاودژ، کە لەفەرهەنگدا دژی یەکن بەیەکەوە لەهەمان ڕەگەزی ئاخاوتن، کە وشەکانی( ڕووناکی، تاریکی)ین هەردووکیان ناوی واتایین، جۆرە ڕیتمێکی شیعری جوانی بەدەقەکە بەخشیوە.

| |
|---|
| خڕەخڕ. کورت. درێژ. دەنگێکە دی و ئەڕواو لەپڕیش ئەوستێ. (بێکە س 2005، ل55) |

کۆکردنەوەی دوو وشەی هاودژ بەیەکەوە لەم دێرە شیعرەدا، کە وشەکانی( کورت، درێژ)ن، ڕیتمی دەقەکەی ئاوازدارتر کردووە
.

**ب- دژیەکی نافەرهەنگی:** لەم جۆرەیاندا وشەکان لەبنەڕەتدا پێچەوانەی یەکتر نین، بەڵکو بەهۆی ئامرازەکانی نەرێکردنەوە دەکرێن هاودژ وەک:( شاد- ناشاد، هات- نەهات..).

| |
|---|
| لێرەم و لێرەش نیم. خەوتووم و نەخەوتووم. (بێکە س 2005، ل124) |

هێنانی هەردوو وشەی (خەوتووم ، نەخەوتووم) دژیەکی نافەرهەنگی یە، چونکە لەبنەڕەتدا ئەم دوو وشەیە دژی یەکتری نین. ئەمەش تەنیا مەبەستی پێی ئاوازدارکردنی ڕیتمی شیعرەکەو جەختکردنەوەیە لەسەر حاڵەتی بە ئاگایی و بێ ئاگایی خۆیەتی.

**ئەنجام:**

1- فۆڕمی دەقی واڵا ئەزموونێکی تازەی شیعرییە، فۆڕمێکی تازەی دوای پەیدابوونی پۆست مۆدێرنەیە.

2- دەقی واڵا لە کۆتایی نەوەدەکان و سەرەتای دوو هەزارەکان وەک فۆڕمێکی تازەی شیعریی و دەربڕینێکی نوێی ئەدەبی لەڕێگەی شێرکۆ بێکەسەوە هاتە نێو ئەدەبیاتی کوردی.

3- کاڵبوونەوە و نەمانی سنووری نێوان ژانرە ئەدەبییەکان هۆکارێک بوو بۆ سەرهەڵدانی فۆڕمیکی تازەی وا لە ژانری شیعردا.

4- فۆڕمی دەقی واڵا ئاوێتەکردنی چەندین ژانری ئەدەبییە لە چیرۆک دراما و ڕۆمان ...هتد لە فۆڕمی شیعردا ، بەشێوەیەک واڵایە بەڕووی تەواوی ژانرەکاندا.

5- دەقی واڵا ئەگەرچی کۆکردنەوەی بنیاتی ژانرە جیاوازەکانی ئەدەبە، بەڵام لەهەمان کاتدا پارێزەری هاوسەنگی نێوان ژانرەکانیشە، بۆ پاراستنی سەربەخۆیی ڕەگەزەکانی هەر ژانرێک، کە ئەمەش دەبێتە هۆی بەخشینی چێژێکی ئیستاتیکی بەدەقەکە.

6- زمان لەدەقی واڵادا بەشێوەیەکی گشتی زمانی شیعری تێدا زاڵە بەو پێیەی لەفۆڕمێکی شیعریدا نووسراوە، بەڵام هەریەک لە ژانرەکان تاڕاددەیەک زمانی خۆیان تێدا پاراستووە.

7- دەقی واڵا خاوەنی ڕیتم و ئاوازێکی تایبەت بەخۆیەتی کە شاعیر لەڕێگەیەوە دەقەکەی پڕ سەرنج ڕاکێش کردووە لە لای خوێنەر .

## لیستی سەرچاوەکان

**سەرچاوەی کوردی:**

**أ- کتێبی کوردی:**


- ئەحمەدی، بابەک ئەحمەدی(2005) پێکهاتە و ڕاڤەی دەق، و. مەسعود بابایی. سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبی نما-زنجیرەی 42 کتێبی دووەم. هەولێر.
- ئەحمەد، د.سافیە محەمەد(2013)، لادان لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا. چاپخانەی حاجی هاشم.هەولێر.
- ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد(2011)، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی. چاپخانەی بینایی.سلێمانی.
- ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد(2006)، ئەزموونی خوێندنەوە (چەند لاپەڕەیەکی ڕەخنەیی). سلێمانی.
- ئەمین، وریا عومەر(2004)، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی. دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس.هەولێر.
- بەکر، د. محەمەد(2004)، پەخشانە شیعری کوردی. چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.هەولێر.
- حوسێن،د.هێمداد (2020)، ئەدەبی نوێی کوردی ( لێکۆڵینەوە و ڕەخنەی پراکتیکی)، بەرگی یەکەم ،ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.هەولێر.
- بەرزنجی، پ.د.عەلی تاهیر(2020)، ئاسۆی دەق، چاپخانەی ئێڤا.؟.
- بێکەس، شێرکۆ (2005)، کورسی، چاپخانەی تیشک. سلێمانی.
- بێکەس، شێرکۆ(2004)، ئێوە بەخۆشەویستیم ئەسپێرن، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. سلێمانی.
- بێکەس، شێرکۆ(2012)، دیوانی ئەسپێک لەپەڕەی گوڵاڵە، سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
- بێکەس، شێرکۆ(2007)، کتێبی ملوانکە، چاپخانەی ڕەنج. سلێمانی.
- بێکەس،شێرکۆ(2005)، سرووده بەردینەکان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. سلێمانی.
- ڕەئوف، لوقمان (2009)، بنەماکانی مۆدێرنە لەشیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی.
- حسێن، جەبار ئەحمەد(2008)، ئیستاتیکای دەقی شیعری کوردی- کوردستانی عێراق(1950-1970). دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. سلێمانی.
- فەتاح، پ.د.محەمەد مەعروف(2010)، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان. چاپخانەی ڕۆژهەڵات. هەولێر.
- فەرهادی، ساجیدە عەبدوڵڵا(2013)، هەندێ لایەنی ڕستەسازی زمانی کوردی. چاپخانەی حاجی هاشم.هەولێر.
- عەبدوڵڵا، پ.ی.د.ئیدریس(2021)، دەقناسی ئەدەبی کوردی. نووسینگەی تەفسیر. هەولێر.
- عومەر، د.موحسین ئەحمەد(2012)، فەرهەنگی ئەدەبی، چاپخانەی حەمدی. سلێمانی.
- مەحوی، محەمەد (2001)، ڕستەسازی. سلێمانی: زانکۆی سلێمانی.
- هەژار، عبدالرحمن شرفکندی(1384)، فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە(کوردی- فارسی). چ4. مرکز پخش مجتمع فرهنگی سروش. تهران.
- هەینی، شێرزاد (2015)، 955 دەقیقە لەگەڵ شێرکۆ بێکەسدا، چ2. چاپخانەی پیرەمێرد. سلێمانی.


**ب- نامەی ئەکادیمی:**


- محەمەد، شەیدا ڕەشید(2016)، شێواز لەشیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا قۆناغی دوای ڕاوگە(نامەی ماستەر). فەکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان- سکوڵی زمان. زانکۆی سلێمانی.

**ج- ڕۆژنامە و گۆڤار:**

- بكر، د.محەمەد(2005) هارمۆنیەتا ڕیتم و واتاێن د هۆزانێن جزیری دا، گ پەیڤ، ژ(31) دهۆک.

- بەکر، عەبدولوەهاب، د.هیمداد حوسێن، کوردستان نادر(2016)، دەقی واڵا و دەقی ئاوێتە دوو فۆڕمی تازەی ژانرە ئەدەبییەکان، گۆڤارا زانکۆیا زاخۆ،( پەڕبەندا4B).

- حەسەن، بەکر، پ.د.سەردار ئەحمەد و پ.د. هیمداد حوسێن(2022)، مۆسیقای شیعری گۆرانی کارکردن اه فۆلکلۆری کوردیدا. زانکۆی سەلاحەدین- کۆلێژی پەروەردە- بەشی زمانی کوردی.هەولێر.

**سەرچاوە بەعەرەبی:**

**أ- کتێب:**

- إيكو، أمبرتو.(1996) القارئ في الحاية، ت. أنطوان أبو زيد. المركز الثقافي العربي- الدار البيضاء.

- باختن، ڤان (1986)، الماركسية و فلسفة اللغة، ت. محمد البكرى و يمنى العيد، توبقال.

- عناني، د.محمد (2003)،المصطلحات الأدبية الحديث. المجلد ط3. الشركة المصرية العالمية للنشر- لونجمان. مصر.

**ب- ڕۆژنامە:**

- عبدالمطلب، د.محمد (2006)، "النص المفتوح والنص المغلق." مجلة الأدباء.

**ج- ئەلیکترۆنی:**

- إبراهيم ، آصف( 2022)، http://newspaper.albaathmedia.sy/.

- حسين، د.رباب هاشم(2020)، https://modernitysite.wordpress.com.

- عبدالمطلب، د.محمد (2009)، https://www.startimes.com

- الفايز، فارس (2011)، http://www.alnoor.se/article.asp.

- المنخوت، شكري (2016)، http://www.alwasatnews.com/. فيندوة ناقشت نوعه في الكتابة الأدبية(معرض الشارقة الدولي للكتاب 2015).

- هاشم ، صالح (2018)، https://daralarab2.blogspot.com.

**نمط النص المفتوح في التجربة الشعرية عِند الشاعر(شێرکۆ بێکەس)**

**أهيمداد حسين بكر**
كلية التربية، جامعة صلاح الدين-اربيل
hemdad.bakir@su.edu.krd

**محمد قادر محمود**
طالب الماجستير، كلية التربية، جامعة صلاح الدين-اربيل
mohammed.qadir@student.su.edu.krd

**ملخص**

النص المفتوح نمط جديد في الشعر الكردي، فهو حامل لِمزايا الأجناس الأدبية، قائِم للتوازنِ بين هذه الأجناس في النص. وامتزاج للأجناسِ الأدبية في نَص نمطٍ شعريٍ جديد. وعمل للتواجد والتنمية لنقاط مشتركة بين الأجناس، وعلى هذا فإن السرد يأخذ مجالاً واسعاً في النص الشعري ومُتممٌ للتعابير الذهنية. فإن الإمتزاج الشعري والسرد في النص المفتوح يُسببان- مباشرةً- لتكوين المجاز و الصورة الفنية و إستثمار(إستنتاج) نمط شعري مُخْتلف. وإن للشاعر (شێرکۆ بێکەس) دوراً بالغاً لبروز هذا النمط الشعري الجديد و تعامل مع اللغة تعاملاً صحيحاً موفقاً لِتكوين الموسقي الشعري الذي سبب لِرفعِ مُستوى النص الشعري.

**Open Text Form in Sherko Bekas's Poetic Experience**

**Mohammed Qadir Mahmood**
Student mastar of college of education, department of Kurdish language, Salahadin Uiversity-Erbil
mohammed.qadir@student.su.edu.krd

**Hemdad Hussen Bakir**
College of education, department of Kurdish language, Salahadin University-Erbil
hemdad.bakir@su.edu.krd

**Abstract**

Open text is a new form of Kurdish poetry, carrying the characteristics of literary genres and maintaining the balance between these genres in the text. It is the combination of genres within a text in a new poetic form. It is working to find and develop common ground between genres, since narrative takes a large space in the poetic text and complements mental expressions. The combination of poetry and narrative in an open text directly creates metaphors, metaphors and artistic images and produces a different form of poetry. The poet Sherko Bekas also played a role in the emergence of this new form of poetry and dealt with language in an accurate and creative way. This has created a delicate melody inside the poem and enhanced the poetry of the text.

**Keywords**: open text, poetic form, literary genres, poetry, metaphor.